# بەشی چوارەم
# ئەدەب

## ئەدەبی فۆلکلۆر

پێناسە:

فۆلکلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرانەیە کە دەماودەم و پشتاوپشت کوڕ لە باوکەوە منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە.

*ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێت و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خوڵقێنەری گەل دەناسرێ و ڕوخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی– چ لەرووی زمان و چ لەرووی دەربڕینەوە. شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یا ئەو زەمان و دەورەی خۆی پێوەیە.

# ئەرکەکانی فۆلکلۆر

ئەدەبی فۆلکلۆر ژمارەک ئەرکی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

1-پاراستنی بیروباوەڕ و عورفوعادەت و خووڕەوشتی جوانی باوباپیران.

2-بەرەوپێش بردنی گوێگر یان خوێنەر لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و عەقڵی ....هتد.

3- بەخشینی لەزەت بە گوێگر، یان خوێنەر، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بەلاغەت و جوانکاری و شێوازە جۆراوجۆرە جوان و کاریگەرانەی کە تیایدا داهێنراوە.

4-کردنەوەی عەقڵی مرۆڤ و گەورەکردنی، ئەوەش بە تێگەیاندنی مرۆڤەکان، کە دنیا زۆر گەورەترە لەوەی لێی تێگەیشتووە...

5- زۆری بەرهەمە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵی باش دەبینن لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، حەکایەت و چیرۆک و پەند و.... منداڵان بەرەو سەرکەوتن دەبەن.

# بەشەکانی فۆلکلۆر

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر چەندین جۆری گرنگی هەیە، وەک:

**یەکەم: ئەفسانە**

کۆمەڵێک حیکایەتی کۆنن، هەموو شتەکانی ناوی(پاڵەوان، کەرەسە، کات، شوێن، ڕووداو) ڕاستەقینە نین و ئەفسانەیین، بۆنموونە:

-لە ئەفسانەدا دەشێت کاتژمێرێک بەقەد سەدساڵ بێت.

-لە واقیعدا مرۆڤ ئەگەر بوو بە دوو پارچەوە ناتوانێت ڕۆڵ ببینێت، بەڵام لە ئەفسانەدا ئاساییە.

# دووەم: هەقایەت

ئەمانە کۆمەڵێک ڕووداوی ڕاستەقینەن، خەیاڵ لە دارشتنەوەیان ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە چوار چێوە ئەقڵدا، ئادەمیزاد کە دەیانبیستێت لەگەڵیان تێکەڵ دەبێت، دەزانێت ئەو شتانە ڕاستن، بۆ نموونە:

-گێرانەوە بە زمانی گیانداران، وەکو ئەو هەقایەتانەی بۆ منداڵان دەوترێت وەک هەقایەتی (مەڕۆکە و بزنۆکە)

-ئەو هەقایەتانەی دەربارەی پاشاکان وتراوە.

# سێیەم: پەندی پێشینان

- پوختەی بیر و ئەزموونی مرۆڤە، هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە. نموونە:
- هەر عەقڵەک لە خەسارەکی.
- دۆستت هەزار بێ کەمە، دوژمنت یەک بێت غەمە.

# چوارەم: مەتەڵ

کۆمەڵێک ڕستە و پەڕەگرافی پرسیار ئامێزن، بە ڕەمز باس لە شتێک دەکەن، دواتر دەپرسن: ئەو شتە چییە؟ بۆ نموونە:

ئەمە چییە؟ ئەملا دیوار ئەولا دیوار، تیایدایە سەگێکی هار؟ وەڵام (زمان)ە

بە پڕی نیوەیە و بە نیوەی پڕە؟ وەڵام (مانگ)ە

# پێنجەم: گۆرانی

ئەمانە شیعرن، لە فۆلکلۆردا پێیان دەوترێت (گۆرانی) چونکە لە کۆندا نووسین نەبووە شاعیرەکە وەکو گۆرانی پێشکەشی کردووە، بەڵام لەسەردەمی نوێ پێی دەوترێت شیعر، چونکە شاعیر شیعرەکە دەنووسێت، لە پاشان گۆرانیبێژێک شیعرەکە دەکاتە گۆرانی.

# ئەدەبی نووسراو (شیعر – پەخشان)

## یەکەم:شیعر

-شیعر بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە، کە بە ترپە و ئاواز تاقی کردنەوەکانی خۆی وەکو مرۆڤێکی ئەندامی ناو کۆمەڵگایەک لە دوو تۆیی چەند وشەو ڕستەیەکدا واتا و خەیاڵێکی فراوان تۆمار دەکات.

یان دەربڕینی ئەدەبییە، خەیاڵ و سۆز لە داڕشتنیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

# پەخشانی کوردی

پێناسەی پەخشان

پەخشان هونەرێکی وتنە و هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان دەدات و دوورە لە کیش و سەروا.

# قۆناغەکانی شیعری کوردی

یەکەم: شیعری کلاسیکی کوردی

ئەدەبی کۆن دەگرێتەوە، ڕووی دەرەوەی شتەکان دەخاتە ڕوو لە ڕێگای رۆشنبیری عەرەبییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

## تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیک

1- گرنگی بە نایابی و ڕۆنان و ڕەوانبێژی دەدات.
2- پشت بە عەقل و هۆش دەبەستێت و زاڵە بەسەر سۆزدا.
3-گرنگی بە مەسەلەی گشتی دەدات و لە مەسەلەی تایبەت دووردەکەوێتەوە.
4- زۆر گرنگی بە لێکچواندن دەدات بۆ دەرخستنی واتا

## قوتابخانەکانی شیعری کلاسیکی کوردی

ئەدەبیاتی لوڕی: (باباتاهیری هەمەدانی937-1010)
ناوی تاهیرە بابایان پێوتووە، چونکە یەکێک بووە لە پیاو چاکەکانی ئەهلی هەقی یارسان.
هەندێک لە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی دوو بەیتەکانی ئەو بە سەرەتایی ئەدەبی نووسراوی کوردی دادەنرێت و بە یەکەم شاعیری کورد دادەنرێت.

# نموونەیەک لە دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر

مو ئان ڕەندەم کە نامم بی قەلەندەر
نە خون دیرم نە مون دیروم نە لەنگەر
چو ڕۆژ ئایۆ بگەردەم گەردی گێتی
چو شەو ئایۆ بە خشتی وا نە هەم سەر
واتای گشتی دوو بەیتییەکە:
من ئەو ڕەندەم کە ناوم قەلەندەرە
نا ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نە شوێنی گیرسانەوە.
بە درێژای ڕۆژ بە دەوری گێتیدا دەسوڕێمەوە،
کە شەویش داهات خشتێک دەنێمە ژێر سەرمەوە.

# مەلای جزیری (1570–1630)

ناوی(شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محمد)ە، خەڵکی جزیرەی بۆتانە لە کوردستانی تورکیا، لە شیعرەکانیدا هەندێکجار نازناوی (نیشان)ی بۆ خۆی داناوە.

مەلای جزیری شاعیرێکی سۆفی بووە، شارەزاییەکی زۆری لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی هەبووە.

# نموونەی شیعری مەلای جزیری

من دی سەحەر شاهێ مەجەر لەبسێ دبەر مەخموور بوو
ئەو دێم زەری سور موشتەری یا رب پەری یا حوور بوو

واتای گشتی دوو بەیتەکە:
من بەرەبەیان پاشای گەردونم دیت، جلێکی جوانی لەبەربوو،ڕووخساری وەکو زێر سەرنج ڕاکێش بوو، ئەی خوایە ئەمە پەری یان حۆری بوو.

# نالی (1800-1856)

ناوی (خضر)ە کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میکایلییە، لە گوندی (خاک و خۆڵ) لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە، بۆ خوێندن زۆر شارو دێهاتی کوردستان گەڕاوە، تا پلەی مەلایەتی وەرگرتووە.

نالی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شاعیرانی دوای خۆی بەجێهێشووە، بۆ نموونە حاجی قادر (10) جار لە شیعرەکانیدا ناوی نالی بەکارهێناوە.

# نموونەی شیعری نالی

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەم دێڕە شیعرە سەرەتای نامەکەی نالییە بۆ سالم، کاتێک نالی دەچێت بۆ سەفەری حەج و سلێمانی بەجێ دێڵێ، حەج دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ (شام) چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە پاشان هەوای مەڵبەندی سلێمانی دەکەوێتە سەر و نامە بە ناوبانگەکەی بۆ سالم دەنووسێت، کە سەرەتاکەی بەو دێڕە شیعرەی سەرەوە دەست پێ دەکات.

# شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی

ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری فراوانە کەلای هەندێ نوسەر بە (نوێ) و (تازە ) ناو دەبرێت، (ڕۆمانسی، ڕۆمانسیزم، ڕۆمانتیک، ڕۆمانتیکیەت) هەموو ئەو زاراوانە بۆ یەک واتا بە کاردێن. کە ئەویش (نوێبوونەوەی ئەدەب)ە. لە کۆتایی سەدەی (18) بەملاوە سەریهەڵداو بلاَوبووەوە.

پێناسەکەی: ڕۆمانسیەت لە جەوهەری خۆیدا شۆڕشێکی ئازادیخوازانەی ئەدەب بوو، لە دژی پەلکێشانی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، لە دژی هەموو ئەو یاساو بنەمایانەی، کە لەو ئەدەبیاتانە هەڵێنجرابوون. هەوڵی ڕزگاربوون دەدات لەو کۆتانەی خراوەتە ملی ئەدیبان وەکو هونەرە لاسایکەرەوەکان، ڕۆمانسیزم گواستنەوەی ڕووی ناوەوەیە.

# تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ڕۆمانسیزم

- بەربەرەکانیکردنی ڕێبازی کلاسیکی.
- گرنگی نەدان بە ڕوونبێژی دەربڕین بەڵکو گرنگی دان بە سادەیی ڕۆنان
- پێیوایە گەورەی مرۆڤ لە ئازاردایە
- پێیوایە شیعر دەربڕینە لە ئێش و ئازاری خود.
- گرنگی دەدات بە تاک و کێشەکانی، لەمەسەلەی گشتی دوور دەکەوێتەوە.

# بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا:

1/دوورکەوتنەوە لە کێشی عەرووز و بەکارهێنانی کێشی (بڕگە، پەنجە، خۆماڵی).

2/دابەشبوونی یەکێتی بابەت بەسەر هەموو شیعرەکەدا، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێو هەموو دێرەکاندا هەیە.

3/بەکارهێنانی سەروای (مەسنەوی ) یان سەروای ڕەنگاوڕەنگ جووت قافیە و دوورکەتنەوە لە یەکێتی قافیە.

4/بەکارهێنانی زمانێکی سادەو ئاسان، بە جۆرێک هەموو کەس تێی بگات.

5/گرنگی دان بە (خود) تاک، دوورکەوتنەوە لە بابەتی کۆمەڵ.

6/گەڕانەوە بۆ مێژووی نەتەوەیی و سروشت.

# ڕیالیزم

لە دوو وشە پێکهاتووە: ( Real ) و (isme ) کە دەکاتە (حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە). لە ساڵی (1843) هاتە ئاراوە.

پێناسەکەی: ڕەخنە لە ژیانی کۆمەڵگا دەگرێت و شتە چەوتەکان و ناشرینەکان دەخاتە ڕوو، و وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕۆمانتیک.

# تایبەتییەکانی ئەدەبی ڕیالیزم

1. وەك كاردانەوەيەك بۆ ڕۆمانتيك هاتە ئاراوە.
2. بە شێوەيەكی گشتی لە ژيانی مرۆڤ دەڕوانێت، واتە هەردوو لايەنی خودی و بابەتی لەبەرچاو دەگرێت بە چاك و خراپيەوە.
3. پاڵەوان وردە وردە گەشەدەكات، نەك ئامادەكراو بێ وەك ڕێبازی كلاسيزم و ڕۆمانسيزم .
4. ئەو جيهانەی باسی دەكات، بوونی بابەتی هەيە و لە كرۆكی ئەو بوونە دەكۆڵێتەوە و كاردانەوەی بەسەر دەورووبەردا دەردەخات، نەك بەشێوەيەكی خەياڵی و دوور لە واقع .
5. رياليزمەكان زياتر گرنگيان بە پەخشان دەدا ( چيرۆك و ڕۆمان ) نەك شيعر .
6. پاڵەوانەكان هەمەچەشن بوون و لە هەموو چينەكانی كۆمەڵی تێدا بوو .

- ڕێبازی ڕیالیزم لای شاعیرانی کورد لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرهەمی شیعری ڕیالیزم پەیدابوو، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا ناوەرۆکی بنچینەیی لە بەرهەمی شاعیرانی کورددا بابەتی نیشتمانپەروەرییە، ئەم ناوەرۆکە بە هەناسەیەکی شۆڕشگێڕانە خۆی پیشان دەدا، کێشە **کۆمەڵایەتییەکان**، هاندانی کچ و ژنی کورد بەرەو فێربوون و خوێندن و بەشداربوون لەکاروانی پێشکەوتن.
- – لە گرنگترین شاعیرانی کوردی ئەم ڕێبازە بریتین لە: (هێمن موکریانی، قەدری جان، ئیبراهیم ئەحمەد، دیلان، خالید دلێر، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو).

# پەخشانی کوردی

پێناسەی پەخشان

پەخشان هونەرێکی وتنە و هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان دەدات و دوورە لە کیش و سەروا.

# مێژووی پەخشانی کوردی

ئاشکرایە کە پەخشانی کوردی سەدان ساڵ لە دوای دەرکەوتنی شیعرەوە پەیدابووە، ئەم دواکەوتنە هەر لەناو میللەتی کورددا ڕوویندەداوە ، بەڵکو لەناو هەموو میللەتاندا هەر وابووە.

ئەم دەقانەی خوارەوە بە کۆنترین پەخشانی کوردی دەژمێردرێن:

1-سروودەکانی (سەرەنجام)ی یارسانەکان، ئەم سروودانە تێکەڵاوە لە شێوەی کوردی هەورامی و کرمانجی لەکی و کرماشانی.

2-مەولودنامەکەی شێخ حوسێنی قازی

3-کتێبی دەرسی ڕێزمانی عەرەبی کە بە کوردی لە لایەن عەلی تەرەماخی لە ساڵی (1600م)نوسراوە.

# نموونەیەک لە پەخشان

کتێبی دەرسی ڕێزمانی عەرەبی عەلی تەرەماخی:

((وەکو دیتییە و موشاهەدە کرینە کو علمی صەرفێ فەننەکی زەحمەت و دژوار و ئاسێ یە و موبتەدی بزوو صیغەوان ژ کتێبێد عەرەبی ئیخراج ناکن. ژ بۆ هیسیا موبتەدیان بزمانێ کورمانجان عیبارەتەکی تەصریفی تەصنیف کرییە، کو ئەو عیبارەت دنیڤا گەلەبێد ئەکرادان قەوی مەقبول و ئەهەمم و لازمە............ ))

# جۆرەکانی پەخشان

جۆرەکانی پەخشان: پەخشان دوو بەشی سەرەکی هەیە:
1-پەخشانی زانستی:

ئەم جۆرە پەخشانە ڕاستییەکانی زانست دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێویستی بە هەڵبژاردنی وشەو دارشتنی جوان و خەیاڵ و ڕەوانبێژی ناکات، نووسەر لە کاری دەروونی خۆی بە دوور دەگرێ و زاراوەکانیش دەبێت فرەواتایی و تەمومژاوی نەبن و واتایان ئاشکرا بێت و لە لایەن زانایانەوە پەسند کراوبێت. وەک ( فیزیا و کیمیاو ئاین و مێژوو و جوگرافیا و ئەندازە و کشتوکاڵ و...هتد.

# 2پەخشانی ئەدەبی (هونەری)

ئەو پەخشانەیە کە بە شێوەیەکی ئەدەبی بەرز و ، داهێنانێکی گەورە دەنووسرێت ، واتە لە دارشتندا پوخت و لە بیرو لێکدانەوەدا بە سۆزو هەست بزوێنە، نووسەر **قوڵایی** دەروونی خۆی دەردەبڕێ لە تیروانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانیتە ژیان و کۆمەڵ و سروشت. جۆرەکانی:

1/ وتار.
2/چیرۆک.
3/ڕۆمان.
4/نامە.
5/ژیاننامە.
6/شانۆگەری.
7/خوتبە.

## یەکەم/ وتار

پارچەیەک نووسینی ئەدەبییە، بابەتێکی دیاریکراو دەگرێتەخۆی جا ئەو بابەتە بیر و بۆچوونێک یان داهێنانێک بێت.

## دووەم/چیرۆک

گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەکە، بەسەر چەند کەسێکی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت.

چیرۆک دوو جۆری هەیە: ئەوانیش (چیرۆکی واقیعی ، چیرۆکی خەیاڵی)

## سێیەم/ ڕۆمان

ژانرێکی هونەری نوێی چیرۆکی درێژە، پڕە لە ڕووداو کەسایەتی جۆرا و جۆر.

مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان بۆ سەردەمی ڕۆمانسیەت دەگەڕێتەوە، بووە جێگرەوەی داستان.

## چوارەم / نامە

بریتییە لە نامەی کەسی کە یەکێک بۆ ئەوی تری دەنووسێت، لە کۆندا پاشا و میرەکان پەنایان بۆ بردووە، لە داڕشتنیدا هونەرکاری دەکرێت.

# پێنجەم / ژياننامە

وەرگێڕانی ژيانی مرۆڤێکە لە میانی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆ و پرشنگداری ژيانی خۆی و کۆمەلاَیەتی و ژياننامە دوو جۆرە:

یەکەم /ژياننامەی خودی: نووسەر تەنها باسی ژيانی خۆی دەکات.

دووەم/ژياننامەی بابەتی: نووسەر باسی کەسێکی تر دەکات.

# شەشەم/ شانۆگەری

چيرۆکێکە بۆ نواندن ئامادەکراوە يان دەقێکی نمایشکراوە کە ڕووداو کات و شوێن ڕۆڵی تێدا دەبينێت ، هەست و سۆز و جووڵەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

## حەوتەم/ خوتبە

بریتییە لە هونەری قسەکردن لە پێناو قایلکردن و کارتێکردن بەکاردەهێنرێت.